# مافی مندال
# بەشی دەرونزانی
# قۆناغی یەکەم/کۆرسی دووەم 2023

مامۆستای بابەت:زینب محمد صدیق

Zainab.barzani@su.edu.kdr

# مافی مندال

- پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە مندال بە هۆی پینەگەیشتنی لایەنی جەستەیی هو هۆشی پێویستی بە پاراستن وئاگاداری هەیە هەروەها پێویستی بە پاراستنێکی یاسایی هەیە بەر لە دایك بوون ودوای لە دایك بوونی.

- بەبیرهێنانەوەی ئەو راستییە کە مندال دەبێ بۆ داهاتووی کۆمەڵ ئامادە بکرێت.

# پەیاننامەی مافی مندال/ سالی 1959

- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەرکی بەرپرسیاریەتی مافی مرۆڤی گرتووە و هەولی داوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکەوتنامەیەکی راگەیاند سەبارەت بە مافی مندال لە سالی 1959، هەروەها لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤیش لە چەند ماددیەك ئاماژە بە مندال دەکات.

# پەیماننامەی مافی مندال

- بە گوێرەی ئەو پەیماننامەیە مندال مرۆڤێکە کە هێشتا تەمەنی 18 ساڵی تەواو نەکردووە، ونەگەیشتوتە تەمەنی بالغی بوون بە پیێ یاسای سەپێنراو.
- مادەکانی ئەم پەیاننامەیە بریتین لە :
- جیاوازی نەکردن (عدم التمیز):ئەو مافانەی لەو پەیاننامەیەدا هاتووە بۆ هەموو منداڵێکە بە بیێ جیاوازی کردن بە هۆی شوێنی نیشتەجێبوون و زمان، یان دایك وباوکی هەلگری چ ئاین و بیروڕایەك بن و چ کارێك بکەن. بە هیچ شێوەیەك نابێت مامەڵەی نادادپەروارانە بکرێت لە گەل مندال بە هەر هۆیەك بێت.

- مافی ژیان (الحیاة، البقاء، النمو) هەموو منداڵێك مافی ژیانی هەیە و ئەوە مافێکی زگماکی یە. حکومەت دەبێت کار بکات لە سەر ئەوەی مندال بە قۆناغەکانی گەشەی خۆیدا پێپەریت ولە هەر قۆناغێك دا ڕێنوینی بکات.
- ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی مندال: دایك وباوك یان کەسە بەخێوەکەرانی مندال، هەر بریارێك بدەن، دەبێت ڕەچاوەی بەرژەوەندی مندال بکەن، وئەرکی حکومەتە چاودێری وپارێزگاری مندال بکات ودلنیا بێت لەوەی دایك وباوك بە ڕێك وپێکی گرنگی بە منداڵەکانیان دەدەن.
- ناو ناسنامە: هەر منداڵێك لە کاتی دایك بوونی مافی هەبوونی ناوێکی هەیە و دەبێت لە سجلەکانی پەیوەندیدار تۆمار بکرێت هەروەها مافی (هاولاتی بوون)ی هەیە.

# مافە پەروەریەکانی مندال

- خویندنی سەرەتایی بۆ هەمووان بە زۆری و خۆرایی بێت.
- بۆ کەم کردنەوەی ئەو مندالانەی دەست لە خوێندن هەلدەگرن تێدەکۆشن و هەنگاوی گونجاو بەمەبەستی چوونی بەردەوام و رێکوپێکی مندالان بۆ قوتابخانە دەهاوێژن.
- حکومەتەکان هەولی خۆیان دەدەن تا رەوتی پەروەردە وفێرکردن لە قوتابخانەکان لەگەل رێز وحورمەتی مرۆڤدا بێتەوە.
- حکومەتەکان دەبێت کار بکەن بۆ ئەوەی پەروەردە وراهینان و کەسایەتی وتوانای جەستەی مندال بەهێز بکات و پێبگەینیت.
- سەرنجی مندالان بۆ لای پێناسەی فەرهەنگی زمان و بایەخە میللیەکانی نیشتمانی باب وپیرانی رابکێشێ و هەروەها فێر بکرێت رێز لە هەموو فەرهەنگەکانی دیکەش بگرێت.

# قەدەغە کردنی چەوساندنەوەی منداڵ،

- نابێ منداڵ لە باری ئابورییەوە بچوسێتەوە،نابێ کارێکی پێی بکرێ کە بۆ سەلامەتی ولەش و گیان و گەشەی کردنی زیانی هەبیت.
- نابێ منداڵان بکشرێنە بێو پەیوەندی سیکسی و نایاسایی و زۆرملێەوە، نابێ لە بواری لەشفرۆشی بەکاریان بێنن.
- نابێت منداڵ لە پرۆگاندە و نمایشە سیکسیەکان بەکار بهێنرن.
- هیچ منداڵێك ئەشکەنجە نەدرێ و رەفتاری نا مرۆڤایەتی و پر لە سوکایەتی لەگەڵ نەکرێ.
- بەرێوەبردنی سزای ئیعدام و زیندانی درێژ خایەن لە دژی منداڵان بەر لە تەمەنی 18 سالی قەدەغەیە.

# چاودێرییە پزیشکییەکان:

- حکومەتی مۆریان کردوو لەسەر ئەم پەیماننامەی کار دەکەن بۆ پاراستنی سەلامەتی ودابین کردنی دەرمان وهەموو پیداویستییە سەرەتاییەکانی لەش ساغی بۆ مندالان.
- حکومەتەکان سەرەنج دەدەن سەلامەتی دایك پێش و دوای لە دایکبوونی مندال.
- دەبێت حکومەتەکان کار بکەن بۆ فێرکردنی هەموو تاکەکان بە تایبەتی مندالان و دایك وباوکان رێوشۆینی لەش ساغی و ژیانیکی باشتر بن بۆ نمونە قازنجەکانی شیری دایك، و رەچاوکردنی پاك وخاوینی شخصی و خاوێنی راگرتنی ژینگە.